# ماندوبوون له سێبەری بێ دەنگیدا

## چاوپێکەوتنی دەنگەکان لە گەڵ فەلاح مرادخان

## ڕێکخەری گشتی پرۆژەکانی ڕێکخراوی wadi لە عێراق

**کارمەندانی ئەم ڕێکخراوە تا ئێستا زۆر کار ئەکەن و کەمیش بۆ میدیا دەدوێن ، لە کوردستان دەرفەتی ئەوەم بۆ دروست بوو لە نزیکەوە ئەو هەموو هیلاکی و پرۆژە جیدیانەی ئەوان ببینم ، ئۆفیسەکەیان لە شاری سلێمانی لە ترسی دەست درێژی و کاری تیرۆریستی بە بێ هەڵواسینی ناوی ڕێکخراوەکەیان کارەکانی خۆیان بە ڕێوە دەبات . کارەکانی ئەم ڕێکخراوە بە بێ ئەوەی هەرای ئیعلامی بنێنەوە نموونەیەکی نایابە لە و ڕیفۆرمە سادانەی بوار دەدا بە بنیات نانەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە هیچ ئیمتیازاتێکیان نیە بیکەن بە ناونیشان بۆ خۆیان ، بوار دەدا بە متمانە دروست کردن و جورئەت کردن و دەست بردن بۆ نەگبەتیەکانی کۆمەڵگە ، جێگای خۆشحاڵیمانە کە لەم دەرفەتدا یەکێ لە کارمەندانی ئەم ڕێکخراوە لە سێبەری بێ دەنگیدا لادەین و خوێنەرانی دەنگەکان لە دەمی ئەو کارمەندەوە ئاشنای هیلاکی ئەوان بێن**

**-ڕزگار عومەر-**

**دەنگەکان:- لە کەیەوە ڕێکخراوەکەتان دەست بەکار بوە ؟ دەکرێ لیستێك لە کارەکانتان بۆ سایتەکەمان باس بکەن ؟**



**فەلاح مرادخان :- سەبارەت بە دەست بەکاربونی ڕێکخراوەکەمان ) ڕێکخراوی wadi(لە دوای ئەو گۆڕانکاریە بەرچاوانەی لەدوای ساڵی 1991 وە لە عێراق و کوردوستاندا ڕوویدا چەند گە نجێکی ئەڵمانی بە خۆبەخش ڕوو لە عێراق ئەکەن و لەگەڵ ڕێکخراوێکی خێرخوازدا بۆ یەکەم جار لەناوچەی عەمارە لە باشوری عێراق دەست دەکەن بە کارکردن ، بەڵام دوای ئەوەی کە حکومەتی عێراق لەو ناوچانەدا دەسەڵات ئەگرێتەوە دەست و تەگەرە بۆ کارەکانیان دروست ئەکات ، ئەم چەند کەسە بیر لەوە ئەکەنەوە کە ڕوو لەباکوری عێراق بکەن و ڕێکخراوێکی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن بۆ کۆمەکی و هاوکاری خەڵکی کوردوستان و عێراق ، هەربۆیە لەساڵی 1993 ڕێکخراوی wadi دائەمەزرێنن ) هەڵبژاردنی wadiلەوەوە هاتوە کە عێراق بە وادی الرافدین بەناوبانگە ( لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ ئەم ڕێکخراوە بە بەردەوامی لە خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی کاری مرۆڤدۆستانەدا بوە و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە دۆستی ڕاستەقینەی گەلانی عێراق بوون ، بەتایبەتیش دۆستی گەلی کورد ، کاری نەوعی ئەم ڕێکخراوە چ**

لەبواری خزمەتگوزاری و پەرەپێدانی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان لەڕوی پاڵپشتی سیاسی دۆزی گەلانی عێراق و کورد بەتایبەتی لەوولاتی ئەڵمانیا بەڵگەی ئەم ڕاستیەن.لایەنە سیاسیەکانی عێراق لە و پەڕی ڕاست تا ئەوپەڕی چەپ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەم ڕێکخراودا هەبوە ، بەنمونە لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا ( wadi) بەئاشکرا پاڵپشتێکی سەرەکی دەنگەکانی لەناوبردنی ڕژێمی بەعس و دکتاتۆریەت بوو و بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەمان لە ئەڵمانیا قسەکەری گروپی معارەزەی عێراق بوو کە نوێنەرایەتی هەموو حزبە عێراقیەکانی تێدا بوو .

لەساڵی 2003 گروپێکی چالاك لەوولاتی نەمسا کە چەند کەسایەتیەکی دڵسۆزن بۆ دۆزی عێراق و کورد پەیوەندی بەم ڕێکخراوەوە ئەکەن و بەشی نەمسای ڕێکخراوەکە دا ئەمەزرێنن و لە کاتی ئێستاشدا پاڵپشتێکی سەرەکی چالاکیەکانمانن وە لەلای خۆشیانەوە پاڵپشتی دۆزی سیاسی عێراقن و لە زۆربەی کۆبونەوەکانی لایەنە عێراقی و کوردیەکاندا بەشداری چالاکانەیان هەیە .

باسکردنی ئەم لایەنەی کارەکانی ڕێکخراوی wadi لە ڕوانگەیەکەوەیە کە بڕوای ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بەجیا لە بۆچونی زۆربەی ڕێکخراوەکانی دیکە بوە و ئەوان بڕوایان وایە تۆ بۆ ئەوەی گۆڕانکای بنەڕەتی بەدەست بهێنیت ئەبێت لایەنی سیاسی مەسەلەکان فەرامۆش نەکەیت ( سیاسەت بەو مانا تەسك و تاریکەنا کە لایەنەکانی ئێمەی پێ ئەناسرێتەوە ) بەڵکو بە مانایەکی ئینسانی کە ئامانج لێی بەشداریکردنە لە گۆڕانکاری گەورەدا ، گەورە وەك گۆڕبەگۆڕ کردن و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ترسناکترین دکتاتۆر لە مێژوی بەشەریەت دا .

سەبارەت بە بەشی دوەمی پرسیارەکەتان ، دیارە ڕێکخراوەکەمان چەندین چالاکی جۆراو جۆری ئەنجام داوە ، لێرەدا کورتەیەك لە دیارترین ئەو چالاکیانە بۆ جەنابتان باس دەکەین .

**چالاکیەکانی ڕێکخراوی wadi لە کوردوستانی عێراق لە ساڵی 1993 وە بۆ 2006 :**

بەشێوەیەکی گشتی دابەش ئەبێت بۆ چوار ناوچەی جوگرافی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی و بەشێك لە پارێزگای کەرکوك بەم شێوەیەی لای خوارەوە .

1- **گرنگی دان بە باری ژیانی ئاوارەکانی کەرکوك :** لەساڵی 1993 وە ڕێکخراوەکەمان چەندین چالاکی بۆ هاوکاری ئاوارەکانی شاری کەرکوك ئەنجام داوە لەوانە گەیاندنی ئاوی خواردنەوە و دابەشکردنی جل و بەرگ و دەرمان و کردنەوەی سێ باخچەی ساوایان . یەکەمیان باخچەی سۆز لە ناو شاری سلێمانی لە شوقەکانی قالاوا کە ئاوارەکانی تیا نیشتەجێ بوو ، دوەمیان باخچەی لیسی شمیدیت لە بازیان وە سێیەمیان باخچەی کازیوە لە باینجان . وەك ئاماژەمان پێ دا ئەم باخچەی ساوایانە تایبەت



بوون بە منالآنی ئاوارەکان ، دواتر ئەم سێ باخچەیە تەسلیم بە وەزارەتی پەروەردە کرایەوە و لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوە ئەبرێت .

2- **کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ژنان :** لەساڵی 1994 وە ڕێکخراوی wadiبەرنامەیەکی فراوانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە 28 ناوچەی سلێمانی و



هەولێر و گەرمیان بۆ فێرکر دنی ژنان ئەنجام دا ،وە دواتریش ڕێکخراوەکەمان بەشداری کرد لە کردنەوەی ڕێکخراوی چرا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری وە لەکاتی ئێستاشدا سێ بنکەی سەرەکی نەهێشتنی نەخوێندەواریمان لە شاری هەڵەبجەی شەهید و تەوێڵەو بیارە لە بەردەوامیدایە کە نزیکەی 100 فێرخواز لە قۆناغە جیاوازەکاندا فێری خوێندن و نوسین ئەکرێن . هەروەها ئەمساڵ بنکەیەکی فراوانمان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەڵەبجەی شەهید کردووە کە نزیکەی 75 فێرخوازی ژن تیایدا بەشدارن وە لە دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی ئەم خوێندکارانە ئەتوانن لە قوتابخانە ئامادەییەکان بەردەوامی بە قۆناغەکانی خوێندن بدەن .

3- **کردنەوەی کتێبخانەی ژنان :** لە ساڵی 1995 ڕێکخراوی wadiیەکەم کتێبخانەی تایبەت بەژنانی لە شاری کفری کردووە بە هاوکاری کۆمەڵەی ئافرەتان وە لەساڵی 1999 کتێبخانەیەکی دیکەی لەناوچەی قەرەداخ کردووە لەگەڵ هەمان ڕێکخراو . ئەم کتێبخانانە تایبەت بوون بە ژنان و کچانی ئەم ناوچانە .

4- **کردنەوەی دوو سەنتەری تایبەت بە چارەسەری کێشە دەرونی و کۆمەڵآیەتیەکان لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی .** ئەوانیش




سەنتەری نەوا لە سلێمانی ماڵی خانزاد لە هەولێر ، ئەم دوو پرۆژەیە بیرۆکەیەکی نەوعی و دەگمەن بوون وە تا ئێستا ئەو دوو سەنتەرە لە بەردەوامیدان . سەنتەری نەوا بەهاوکاری حەوت ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و

هەردوو وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵاتی دامەزرا و لەکاتی ئێستادا دوای تەسلیم کردنەوەی لەلایەن ڕێکخراوی وادیەوە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوە دەبرێت .ماڵی خانزاد بەهاوکاری یانزە ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان لەهەولێر دامەزرا وە دوای ساڵ و نیوێك لە بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی لەلایەن وادیەوە تەسلیم بە وەزارەتی مافی مرۆڤ کراوە .بەرنامەکانی ئەم دوو سەنتەرە بەهەمان ستراتیژ دارێژراون و بەشێوەیەکی گشتی لەم سەنتەرانەدا چارەسەری کێشە کۆمەلایەتی و دەرونیەکان دەکرێت وە داڵدەی ئەو ژنانە ئەدرێت کە بێ لانەن یان لەلایەن کەس و کاریانەوە دەرکراون یاخود ڕوبەڕوی توندو تیژی بونەتەوە. تا ئێستا بەهەزاران ژن و کچ لەم دوو سەنتەرەدا داڵدە دراون و ژیانیان پارێزراوە و ئەم دوو پرۆژەیە تا هەتایە دوو سەروەری گەورەن لە مێژووی کاری ڕێکخراوەییماندا سەرەڕای سەرجەم ئەو ئاستەنگە ناوەکی و دەرەکیانەی کە لەبەردەم کاری ئەم دوو پرۆژەیەدا دروست بوون بەتایبەتیش لە پرۆژەی ماڵی خانزاد لەهەولێر . **لەساڵی 2004 سەنتەرێکی هاوشێوەی نەواو خانزادمان لەشاری موێڵ کردەوەو بەنیازی کردنەوەی سەنتەرێکی دیکە بوین لە شاری کەرکوك . بەڵام بەهۆی خراپ بوونی باری ئەمنیەوە دوای ساڵێك سەنتەری موێڵ داخراو سەنتەرەکەی کەرکوکیش ڕاگیرا .**

5- **پرۆژەی بەندیخانەی فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتی لە هەولێرو سلێمانی.**

لەساڵی 1998 وە ڕێکخراوەکەمان پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ فەرمانگەی چاککردنی سلێمانی دەست پێکرد وە لە ساڵی 2003 وە لەشاری هەولێر لە بەندیخانەی نەوجەوانان چەند پرۆژەیەکمان ئەنجام دا :




لە چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی چەندین وەرشەمان کردەوە بۆ درومان ئاسنگەری و دارتاشی کاری دەست وە کتێبخانەیەکی گەورەمان بۆ کردنەوە دواتر لەساڵی 2000 گروپێکمان لەناو بەندیخانە دروست کرد بەناوی گروپی ئاسۆی گۆڕان وە داوامان لێکردن کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیان دەربکەن دواترلەکۆتایی ئەو ساڵەدا لە کتێبێکی قەبارە مام ناوەندیدا بڵاومان کردەوە بەناوی ( بەرەو ئاسۆی گۆڕان ) تا ئێستا سێ ژمارە لە و کتێبە بڵاو کراوەتەوە وە ئەو گروپە

لەئامادەکردنی ژمارەی چوارەمدان بێگومان ئەمە یەکەم ئەزمونە لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا وە بۆ یەکەم جار دەنگی ڕاستەقینەی زیندانیەکان لە ڕێگای نوسینەکانی خۆیانەوە بەرگوێی هەموو لایەك کەوت . وە لە بەندیخانەی هەولێریش چەندین خولی فێربون و چالاکیمان ئەنجام داوە وە لەدیارترین ئەو چالاکیانە ڕاهێنانی کادیرانی سەرجەم بەندیخانەکان بوو لەهاوینی ئەمساڵ بەهاوکاری ڕێکخراوی پەیمانگای مافەکانی مرۆڤی سەر بە زانکۆی دیپۆڵ .

6- **تیمی فریاگوزاری گەڕۆك بۆ هاوکاری ژنان و منالان** : لە مانگی نیسانی ساڵی 2003 بۆ حاڵەتی کتوپڕی کاتی شەڕ دوو تیمی ژنانمان پێك هێنا بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە چاوەڕوانکراوەکان ، بەلاَم ئەو حاڵەتە ترسناکە ڕووی نەدا کە چاوەڕوان بوو هەربۆیە ئەم تیمانە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی هەڵەبجەو ئەو ناوچانەی دیکەی هەورامان کران کە لەژێر دەستی ئیسلامیەکاندا بوون و ڕزگاریان بوو بەتایبەتی خورماڵ و تەوێڵەو بیارە و ئەحمەد ئاوا . دواتر تیمە گەڕۆکەکان بوون بە بەرنامەیەکی ڕێکخراوەکەمان ، وە لەوکاتەوە تا ئێستا چەندین تیممان پێك هێناوە وە ئەو تیمانە سەردانی هەموو گوندەکانی کوردوستانیان کردوە وە وتا ئێستا نزیکەی ( 100000 )سەد هەزار ژن و منالٚ لەو بەرنامەیە سوود مەند بوون کە پێك دێت لە چارەسەری پزیشکی و بەرنامەی کۆمەلاَیەتی وە دابەشکردنی کەل و پەل بەسەر خەڵکی کەم دەرامەتدا لە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و کەرکوك . وە لەکاتی ئێستاشدا سێ تیم کە کەکێکیان لەشاری سلێمانی بۆ ناوچەی هەڵەبجەو دەوروبەری وە تیمێك لە گەرمیان وە تیمێکیی دیکەش لە هەولێر کە تایبەت کراوە بە هاوکاریکردنی کوردە ئاوارەکانی ئێران کە لە کەمپەکانی حزبی دیموکراتتدا دەژین لە ناوچەی گردەچاڵ و کۆیەو چەند ناوچەیەکی دیکە دەست بەکارن .

7- **کردنەوەی چوار سەنتەر بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی مافەکانی ژنان** :لەساڵی 2004 ڕێکخراوەکەمان سێ سەنتەری لە شاری هەڵەبجەی شەهید و شارۆچکەی تەوێڵەو ناحیەی بیارە کردەوە وە تا ئێستا ئەو سێ سەنتەرە بەردەوامن لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری بە ژنان . وە لەساڵی 2005 وە سەنتەرێکی گەورەمان لەشاری کفری کردەوە بە هەمان ناوو مەبەست . لەم سەنتەرانەدا ژنان فێری خوێندەواری و چەندین خولی ڕاهێنانی درومان و خەیاتی کۆمپیوتەر و کاری دەست ئەکرێن وە هەفتانە چەندین وانەو سیمیناری هۆشیاری لەم سەنتەرانەدا ئەوترێتەوە و لەم چوار سەنتەرەدا چوار کتێبخانەی دەوڵەمەندی تێدایە بۆ سەرجەم بابەتەکانی ژنان و بابەتە فکری و کۆمەلاَیەتیەکان و ژمارەیەکی زۆری ژنان و کچان لێی سود مەند ئەبن وە بە پێی ئامارەکان ئەم سێ سەنتەرە ڕۆژانە نزیکەی 150 ژن ڕوو لە سەنتەری هەڵەبجە ئەکەن وە40 ژن سەردانی سەنتەری کفری و 20 ژن سەردانی سەنتەری تەوێڵە و 35 ژنیش سەردانی سەنتەری بیارە دەکەن .

### 8- دژایەتی کردن و کارکربن بۆ بنەبڕکردنی خەتەنەکردنی ژنان :

چەند تیمێکی تایبەت بە ژنان و منالآن لە ڕێکخراوەکەمان لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا چەندین کۆڕو کۆبونەوەی تایبەتییان لەگەڵ ژنان و کچاندا ئەنجامداوە بۆ باسکردن لە کێشە کۆمەلأیەتی و تەندروستیەکان و هاوکاریکردنی ژنان لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو کێشانەدا و دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان بۆ ژنان و منالآن . لەکاتی ئەنجامدانی سەردانە بەردەوامەکانی تیمەکانمان بۆ گوندەکان ڕوبەڕوی دیاردەیەکی دزێو بونەوە کە بەشێوەیەکی بلأو لە و جێگایانەدا ئەنجام ئەدرێت ئەویش ( دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و ژنانە ) بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەساڵی 2004 لە 40 گوندی سەربە ناوچەی گەرمیان لەباشوری کوردوستانی عێراق لەلایەن تیمەکانی ڕێکخراوەکەمان وەدەست هاتون نزیکەی 60% ژنان و کچان خەتەنەکراون .وە بە پێی شاماری 23 گوندیش لەناوچەی هەولێر و دەوروبەری نزیکەی 80% ژنانی ئەو ناوچەیە ڕوبەڕوی خەتەنەکردن بونەتەوە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر و بەدەست هێنانی سەرژمێری لەسەر ئەو کێشەیە شتێکی گرنگە بۆ زیاتر بەرچاو ڕونکردنی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و لایەنە سیاسیەکان لەسەر قەبارەی ئەو کێشەیە لەساڵی 2005 بەهاوکاری هەردوو فلیمساز ( نەبەز و سەما ) و تیمەکانمان لە گەرمیان فلێمێکی پەروەردەیی بەرهەمهێنرا و لەکاتی ئێستاشدا لە زۆربەی گوندەکانی کوردوستاندا نیشان ئەدرێت بۆ هۆشیارکردنەوە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەسەر زیان و مەترسیەکانی خەتەنەکردنی ژنان و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی . لەکاتی تێستاشدا دوو تیم لە هەولێرو گەرمیان سەرقاڵی هۆشیار کردنەوەی گوند نشینەکانن لەسەر ئەو دیاردەیەو ئەنجامی باش بەدەست هاتوە . دیارە ئەم چالاکیانەمان زۆر ئاستەنگیان هاتۆتە پێش و زۆر لایەنی ناوخۆیی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن ئێمەوە خرانە ڕوو نابەدڵیان بوو ، هەربۆیە بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو چالاکیانە و بەڕەسمی ناساندنی کێشەی خەتەنەکردنی ژنان و کچان لەمانگی فبرایەری 2006 یەکەم کۆنفرانسی تایبەت بە خەتەنەکردنی ژنان لە کوردوستان لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە ئامادەکرا وە بەشداربوان کە لە نوێنەری ڕێکخراوەکان و چەند دکتۆرێك و مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی دیاری شاری هەولێر بوون پاڵپشتی تەواوی چالاکیەکانیان نیشاندا وە کۆمیتەیەکیان پێك هێنا بۆ پەیوەندی کردن بە دەسەلأت و پەرلەمانەوە بۆ دەرکردنی یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی ژنان ؟؟؟ بەلأم تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبوە و پیٚ ناچێت دەسەلأتی کوردی خەتەنەکردنی ژنان وەك پێشێلکاریەکی گەورە دژی مافی مرۆڤ و ژنان بناسێنن وەك لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا وەسفی ئەم دیاردەیە کراوە. ئەگەر لەلایەن حکومە تی هەرێمی کوردوستانەوە کێشەی خەتەنەکردن بە ڕەسمی بناسرێت ئەوا ڕێکخراوە جهانیەکانی وەك WHO و UNFIMکۆمەکی زۆر گەورە بە چالاکیەکانی ئەو بوارە ئەکەن وەك چۆن لەکاتی ئێستادا لە ئەفریقیا هاوکاری بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیەن .

9- **ئەنجامدانی چەندین خول بۆ فریاگوزاری سەرەتایی لە ناوچەی گەرمیان** : لەساڵی 2005 و 2006 ڕێکخراوەکەمان لە بیست گوندی گەرمیان سێ خولی فریاگوزاری سەرەتایی ئەنجام دا بۆ 90 بەشداربوو لە ژنان و پیاوان ، هەرخولێك ماوەی سێ مانگی خایاند و لە ڕێگەی پزیشکێك و یاریدەدەری پزیشکییەکەوە خولەکان ئەوترایەوە بەتایبەتی ئەم خولانە لەو ناوچانەدا ئەوترانەوە کە تائێستا بنکەی تەندروستییان بۆ نەکراوە و بۆ کەم ترین پێداویستی پزیشکی دەبێت خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕوو لەشار بکەن کە بەچەندان کیلۆمەتر لێیانەوە دورە ، ئەم فێرخوازانە لەکۆتایی خولەکاندا سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابینکرا بۆ دەست بەکاربون لەحاڵەتی پێویستتدا و ئاستی خولەکان بە شێوەیەك بوو دواتر چەند کەسێك لە بەشداربوان لە گوندەکانی خۆیاندا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دامەزران وەك کادری پزیشکی و بنکەیان لە گوندەکانی خۆیاندا بۆ کرایەوە .



10- **ڕادیۆی دەنگی نوێ کە لەلایەن گەنجان و ژنانەوە بەڕێوە دەبرێ** : بەکۆتایی هاتنی دەسەلاتی ڕژێمی بەعس مەیدانێکی سەربەخۆ بۆ ئازادی ڕاگەیاندن فەراهەم بوو وە سەرەڕای تەشەنەکردنی دیاردەی تیرۆر و مانەوەی کۆمەڵگا لە دۆخی باوك سالاریدا ، هێشتا بوارێك هەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لەو ئازادیە . بۆ نمونە ڕادیۆی دەنگی نوێ کە پرۆژەیەکی بێ وێنەیە و لەلایەن کۆمەڵێك ژنان و لاوانی ناوچەی هەڵەبجەو شارەزورو هەورامانەوە دامەزراوە یەکێکە لەو ئەزمونانەی کەشایەنی باس کردنە . دوای هەشت مانگ لە خۆئامادەکردن و هەوڵی بێ وچان



بۆ ئامادەکاری ئەم پرۆژەیە لە مانگی ئەیلولی 2005 دا ئەم ڕادیۆیە پەخشی ئاسایی خۆی دەست پێکرد . ئەندامانی ئەم ڕادیۆیە لە چوار ژن و سێ کوری گەنجی ئەو ناوچەیە پێك هاتون کە زۆربەیان پاشماوەی خێزانی قوربانیەکانی چەکی کیمیاوین لە هەڵەبجەو دەوروبەریدا کە لە ساڵی 1988 لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە بەکار هێنرا و ئەوان هێشتا باس لەو ترس و مەرگ و ڕاوو ڕوتەدەکەن کە بەرانبەریان کراوە هەروەها باسی ئاوارەیی و هەڵهاتن و چارەنوس نادیاری دەکەن وە باسی گەڕانەوەیان بۆ عێراق و چاودێریکردنیان دەکەن لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسەوە .پرۆژەی ئەم ڕادیۆیە بەهاوکاری هەردوو ڕێکخراوی wadi وVOCA ئەمریکی ئەنجام درا . بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیە بەگشتی باس لە کێشەکانی ژنان و لاوان و باس لە کێشەی کەم ئەندامان و قوربانیانی چەك و تەقەمەنیەکان دەکەن ، باس لە لایەنی تەندروستی و سێکس و مافی ژنان وە هەوڵی سەرەکی ئەم ڕادیۆیە ئاشنا کردنی ژنانە بە مافە یاسایی کۆمەڵایەتیەکانیان و هۆشیارکردنەوەیان بە مافە زەوت کراوەکانیان و هەوڵ بۆ داکۆکیکردن لە هەموو مافەکانیان . ئەم ڕادیۆیە ئەزمونێکە بۆ دەرخستنی تواناکانی ژنان لەبواری ڕاگەیاندن لەو ناوچەیەدا ، ئەم ڕادیۆیە بێجگە لەمافی لاوان و ژنان چەندین مۆسیقای مۆدێرن و چەندین بابەتی کەلتوری لەناوچەکەو جیهان باس دەکات وە پەخشی ئەم ڕادیۆیە لەسەر شەپۆلی FM 88.6 لە سنوری هەڵبجەوە تا سەد کیلۆمەتر وەردەگیرێت .

**دەنگەکان/ ئەو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەماوەی ڕابوردوی چالاکیەکانتان وەك و ڕێکخراو ڕوبەڕوی بونەتەوە ؟ سروشتی ئەم گیروگرفتانە تا چەندە پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسیەوە هەبوە ؟**

**فەلاح مرادخان** : ئەو بوارەی کە ئێمە تاییەتمەندیمان تێدا وەرگرتوە کارێکی بێ وچانی سەختی پێویست بوە وە ڕوبەڕوی چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆریش بوینەتەوە کە زیاتر بوەتە هۆی سەختکردنی بارودۆخی پرۆژەکان ! چونکە وەزیفەی سەرەکی هەموو بیرۆکەیەکی نوێ بەرەنگاربونەوەیە لەگەڵ ترادسیۆنە باوەکان ، وە سنوری سەرجەمی سیستمە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیەکانی لای ئێمە زۆر دیار و ڕوون نیە هەر بەنمونە کەسێکی سیاسی ئەشێ تۆی بەدڵ نەبێت چونکە لەڕوی کۆمەڵایەتی یان لەڕوی فکری یان ئاینیەوە تۆ نا بەدڵی ئەویت بەجیا لەوەی کە ئەو بۆ خۆی چ باگگراوندێکی هەیە ؟ جارێك لەگەڵ بەرپرسێکی پایەبەرزی دەسەڵاتی لایەك لە حکومەت گفتوگۆمان بوو من وام ئەزانی ئەگەر بەپێی پرەنسیپی ڕاگەیەنراوی لایەنەکەی ئەو قسە بکەم هاوکارمان ئەبێت کەچی زۆر بە توندی بەڕومدا تەقیەوە و پێی ڕاگەیاندم کە من کافرم و نابێ دەخالەت لە بواری کۆمەڵایەتی و دینیدا بکەم . بە هەر حاڵ مەرج نیە ئاستەنگەکان لەڕێگەی ڕێگە پێنەدانەوە بوبن بەڵام زۆر جار لەڕێگەی هاوکاری نەکردن و فەرامۆش کردنەوە بونە ، چونکە وەك بۆ هەموو خەڵکی کوردوستان ئاشکرایە لەماوەی پانزە ساڵی ڕابوردودا دەسەڵات لە کوردوستاندا پاوان بوە بۆ دوو لایەنی سیاسی تاییەتی کە ئەگەر بە نابەدڵی ئەوان پرۆژەت کردبێ هەمیشە تۆ فەرامۆش بویتە یا لەڕوی ستراتیجیەتی

قەومیشەوە تۆ دۆست و هاوكار بوبیت بەلاّم ئەگەر سەر بە یەكێك لە ڕەوتە ناوەكیەكانی ئەوان نەبوبیت هەرگیز بەپێی پێویست گوێت لێنەگیراوە و هاوكاریت نەكراوە ، ئەمە نەك تەنها بۆ كاری ڕێكخراوەكەی ئێمە بەڵكو جاری وا هەبوە دوو ڕێكخراو كە هەمان ئامانج و ستراتیجیان هەبوە و سەر بە هەمان لایەنی سیاسیش بوون بەلاّم بەهۆی دابەشبونی تەكەتولاتییانەوە زیاد لە دوژمن دژایەتی یەكیان كردوە و ئامانجە ستراتیجیەكانیان لەپێش چاو نەبوە( نمونەی سەرسوڕهێنەرم لایە لەم بارەیەوە بەلاّم كاتی باسكردنی نیە ) . ئێمە هەرچەندە ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتیین زۆرجار بەبێ ئاگاداربونی خۆمان خراوینەتە پاڵ گروپ و لایەنەجیاوازەكان كە هەر لێشیانەوە نزیك نەبوین و دژایەتیمان كراوە ، بەكورتی لەماوەی 14 ساڵی ڕابوردودا لە كوردوستان زیاتر لە دەست خۆشی دژایەتی و تەگەرەمان بۆ دروست كراوە ، چ بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بوبێت یان ناڕاستەوخۆ

**دەنگەكان/ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم ڕێكخراوە تەنها لە كوردوستان چالاكی هەیە یان لەجێگای تریش ؟**

**فەلاح مرادخان** : ئەم ڕێكخراوە كە لەساڵی 1993 كەدامەزراوە لە پەیڕەوی دامەزراندنیدا هاتوە كە چالاكیەكانی تایبەت ئەبن بە عێراق وە ئەو ناوچانەی دیكە كە بارودۆخیان هاوشێوەی بارو دۆخی عێراق بێت ، بەشێوەیەكی سەرەكی چالاكیمان لە عێراق هەیە وە لە ئەڵمانیاو نەمساش ئەم ڕێكخراوە چەندین چالاكی ئەنجام ئەدات لە بواری داكۆكی كردن لە مافی پەنابەریەتی دا ، بەلاّم وەك پرۆژە لەكاتی ئێستادا تەنها لەسنوری هەرێمی كوردوستان چالاكیمان هەیە .

**دەنگەكان: تەركیزێكی چاكتان كردۆتە سەر شاری هەڵەبجە هۆكارەكەی چی یە ؟**

**فەلاح مرادخان** : ئێمە تەنها تەركیزمان لەسەر هەڵەبجە نیە بەڵكو هەردوو ناوچەی هەڵەبجەو گەرمیان ، گرنگی دانی سەرەكی ڕێكخراوەكەمان بەهەردوو ناوچەی هەڵەبجەو گەرمیان لەو دوو تایبەتمەندیە كارەساتبارانەیەوە هاتوە



كە مێژووی ئەم دوو ناوچەیەی پێ ئەناسرێتەوە ، بێگومان زۆربەی ناوچەكانی كوردوستان مێژویەكی پڕ لە دارمان و بێبەشییان پێوە دیارە بەلاّم نەهامەتی هەردوو ناوچەی ناوبراو ئەندازەیەكی سنور پەڕێن بوە و هەر ئەم تایبەتمەندیەش بوە كە وای لەم دوو ناوچەیە كردوە كە وەك پێناسەیەك بۆ كوردی باشوری كوردوستان بناسرێنەوە ئەو پێناسەیەش ( شەهیدی كیمیاباران ئەنفال ) بەلاّم تایبەتمەندیەكی دیكەی ناوچەی هەڵەبجە دەسەلاّتی تاریكی ئیسلامیەكان بوە كە لە كاتێكدا بواری

هەناسەیەك بۆ ئازادی لەناوچەكانی دیكەدا دەستەبەر بوو ناوچەی هەڵەبجە بوو بوو بەهێلانەی قەلەڕەشە نا ئینسانیەكان وە وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێدا زۆربەی پرۆژەكانی ڕێكخراوەكەی ئێمە بۆ ژنان و لاوانە كە دەسەڵاتی كۆنە پەرستە ئیسلامیەكان لەو ناوچانەدا گەورەترین كاریگەری دانابوو لەسەر چەپاندن و گەوزاندنی خواست و ئارەزوەكانی ئەم دوو توێژەو مانایەكی نەهێشتبوە بۆ ئازادیەكانیان چونكە تۆ كە وانەیەكی هۆشاری ئەڵێیتەوە پایەیەك لە دەسەڵاتی ئەوان لەق ئەكیت و هیوایەك بۆ دوارۆژ گەلاڵە ئەكەیت .

**دەنگەكان : پرۆژەو پلانی كارەنی داهاتوتان چی یە ؟**

**فەلاح مرادخان** : بەشێوەیەكی گشتی پرۆژەكانی ئێمە درێژخایەنن ، هەربۆیە پلانی داهاتومان بەشێوەیەكی سەرەكی بەردەوام بونە لەو پرۆژانەی كەماوەی چەندین ساڵە بناغەمان بۆ داناون و بەردەوامین لە كاركردن تیایاندا .بەلاّم بۆ ساڵی 2007 پلانێكی گەورەمان بەدەستەوەیە بۆ فراوانتركردنی چالاكیەكانی تایبەت بە خەتەنەكردنی ژنان ، وە لەكاتی ئێستادا لە ئامادەكاریدان بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی فراوان لە سەرجەم ناوچەكانی كوردوستان كە لە ساڵی 2007 ئەنجام ئەدرێت . بە هاوشانی ئەنجام دانی ئەو لێكۆڵینەوەیەش چەندین تیم پێك ئەهێنرێت بۆ وشیاركردنەوە لەسەر زیانەكانی خەتەنەكردن و پیشاندانی ئەو فلیمە تایبەتیەی كە لەلایەن ڕێكخراوەكەمانەوە بەهاوكاری هەردووفلیمساز نەبەز (ئەحمەد و سەما فەریق ) ئامادەكراوە .

**دەنگەكان / كورتەیەك لە ڕۆژی دەست بەكاربونتەوە ؟خۆشی و ناخۆشیەكانی كاركردنت لەو بوارەدا ؟**

**فەلاح مرادخان** : لەمانگی 11ساڵی 1998 وە لەگەڵ ئەم ڕێكخراوەدا كار ئەكەم ، بەهاوشانی كاركردنیش خەریكی خوێندنی كۆلیجی یاسا بووم و لەساڵی 2004 ئەو كۆلیجەشم تەواو كرد وە هاندەرم بۆ خوێندنی ئەو كۆلیجەش بواری كارەكەم بوو، سەرەتا وەك نوێنەری شاری سلێمانی ڕێكخراوەكە كارم ئەكرد تا لەساڵی 2003 دا پۆستەكەم بوو بە ڕێكخەری گشتی پرۆژەكان لە عێراق .
سەبارەت بە بەشی دوەمی پرسیارەكەشت ، یەكێك لە ساتە خۆشەكان ئەوەبوو كە جارێك لەشاری هەولێرەوە كچێكی تەمەن 14 ساڵ هەڵهاتبو بۆ شاری سلێمانی و لە سەنتەری نەوا داوایان لێ كردین كە بیگوێزینەوە بۆ هەولێر بۆ ماڵی خانزاد بۆ ئەوەی لەنزیكەوە هاوكاری پێشكەش بكرێت ، ئەركێكی ترسناك بوو چونكە بە پێی عادەتی كوردوستان ئەو كچە چارەنوسی كوشتن بوو ؟ بەلاّم كە لە ماڵی خانزاد گفتوگۆمان لەگەڵ براكەیدا كرد دەستی هەمومانی ماچ كرد و زۆر مەمنون بوو وە بەڵێنی پێ داین كە لە داهاتودا هاوكاری سەنتەرەكەمان بێت لەڕوی مادیەوە دیارە ئێمە هیچمان لەو نەئەویست ڕێزگرتنی خوشكەكەی نەبێت كە دواتر بۆمان دەركەوت زۆر ئیجابیانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەكرد ، وە ناخۆشترین كاتیش ئەو كاتەبوو كە حاڵەتێكمان بەناوی چیمەن دوای ئەوەی ماوەی ساڵێك لەلامان بوو دواتر خۆی سوتاند و مرد .
مادەی خامی كارەكانی ئێمە ئینسانەكانن و لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەكانی ئەواندا هەستەكانی ئێمەش گۆڕانكاریان بەسەردا دێت .

دیاره خۆشی و ناخۆشی زۆر زۆری دیكه له كاركردندا هه‌بوه به‌ڵام یه‌كێك له‌خۆشترین كاته‌كانی دیكه‌ی بواری كاركردنم له‌م ڕێكخراوه‌دا ، كردنه‌وه‌ی ڕادیۆیه‌ك بوو له هه‌ڵه‌بجه له هه‌مان گه‌ڕه‌ك كه‌من تیایدا گه‌وره بووم ، له جێگایه‌كدا كه به منالّی شوێنی یاری كردنمان بوو له‌به‌ر كه‌م ده‌رامه‌تی هیچ یاریه‌كمان نه‌بوو هه‌ربۆیه به پیلی كۆن و سه‌ره بیبسی و ته‌ل یاریمان ئه‌كرد به‌ڵام ئه‌مرۆ له‌و جێگایه‌دا پرۆژه‌ك بۆ داهاتوو وه بورجێك له خه‌ون په‌خش ئه‌كات و به‌گوێماندا ئه‌دات به‌چاوێكی گه‌وره‌وه ته‌ماشای ئه‌و مناڵه بكه‌ین كه به خۆڵ و خاشاك یاری ئه‌كات .

---

بۆ زانیاری زیاتر ده‌رباره‌ی ڕێكخراوه‌ی وادی كلیكی ئه‌م دوو لینكه‌ی خواره‌وه بكه‌ن :

http://www.wadinet.de/index.php

http://www.wadinet.at/